# کورتەیەک لە مێژووی شیعر و ئەدەبی ژاپۆنی

ملکۆ ئەحمەد
(زانکۆی گەرمیان - کۆلێژی پەروەردە)

ژاپۆن کە بە زمانی ژاپۆنی نیپۆن، یان (نیهۆن)ی پێ دەوترێت، بە واتای "سەرچاوەی خۆر"، یان "خۆر ئاوابوون" دێت، لەبەر ئەوەی کەوتووەتە ئەوپەڕی ڕۆژهەلاتی دنیاوە، لەدوای ئیمزا کردنی دەستوور لە ساڵی ١٩٧٤ سیستمی حوکمڕانی بۆ سیستمێکی پاشایەتی دەستووری گۆڕا.

ژاپۆن ولاتێکە لە ژمارەیەکی زۆر دوورگە پێکهاتووە کە دەکەونە باکووری ڕۆژئاوای زەریای هێمنەوە و سەر بە کیشوەری ئاسیایە، گەورەترین دوورگە، دوورگەکانی هۆنشۆ، هۆکایدۆ، کیوشۆ، شیکۆکۆیە.

## کورتەیەک لە بارەی ژاپۆنەوە

ولاتی ژاپۆن قۆناغێک لە گۆشەگیری بەخۆیەوە بینی بە جۆرێک کە لە گەلانی دیکەی دنیا دووربوو، ئەوەی کە یارمەتیدەر بوو بەم جۆرە دووربێ، پێگە جوگرافییەکەی بوو، کە کۆمەڵە دوورگەیەک پێکەوە خاکی نیشتمانەکەی پێکهێناوە ئەم دوورەدەستی و گۆشەگیرییە سەرهەڵدانی تەوژمێکی سەربازی لێ کەوتەوە و لە ئەنجامدا چینێکی سەربازی هاتە کایەوە کە فەرمانڕەوایەکی سەربازی بەڕێوەی ببات، ئەم سیستمە لەسەر ئامۆژگاری هێز و پایەکانی ئایینزای کۆنفیشیۆسی بنیادنراو، کە سێ کۆڵەکەی سەرەکی هەیە ئەوانەش حیکمە و بە ئاگابوون و قارەمانێتین، کە هەرسێکیان پرەنسیپن بۆ شەڕکەری سامورای.

## چەرخە مێژووییەکانی ژاپۆن

چەرخی بەردین لە نێوان (٣٥٠٠٠ پ ز بۆ ١٤٠٠٠ پ ز)

چەرخی جومون لە نێوان (٨٠٠٠پ ز بۆ ٣٠٠ پ ز)
چەرخی یایوئی لە نێوان (٣٠٠ پ ز بۆ ٣٠٠ ز)
چەرخی کۆفون لە نێوان (٣٠٠ز بۆ ٥٩٣ز)
چەرخی ئەزۆکا لە نێوان (٥٩٣ بۆ ٧١٠)
چەرخی نارا لە نێوان (٧١٠ز بۆ ٧٨٤ز)
چەرخی هێیان لە نێوان (٧٩٤ز بۆ ١١٨٥ز)
چەرخی کاماکورا لە نێوان (١١٨٥ز بۆ ١٣٣٣ز)
چەرخی موروماچی لە نێوان (١٣٣٨ز بۆ ١٥٧٣ز)
چەرخی ئەزوچی مومایاما لە نێوان (١٥٧٣ز بۆ ١٦٠٣ز)
چەرخی ئیدۆ لە نێوان (١٦٠٣ز بۆ ١٨٦٨ز)
چەرخی میجی لە نێوان (١٨٦٨ز بۆ ١٩١٢ز)
چەرخی تائیشو لە نێوان (١٩٢٦ز بۆ ١٩٨٩ز)

## ئەدەبی ژاپۆنی

### کورتەیەک سەبارەت بە ئەدەبی ژاپۆنی

ئەدبی ژاپۆنی ئەو ئەدەبەیە کە بە هەردوو زمانی ژاپۆنی و چینی نووسراوە، سەرەتا ئەم ئەدەبە لە چەند ژانرێکی جۆراوجۆری وەک: شیعر و پەخشان و وتاری ئەدەبی و شانۆ سارچاوەی گرتبوو، ئەدەبی ژاپۆنی بەپێی سەردەمەکان بەم چەشنەی لای خوارەوە دابەش دەبێت:

١- سەردەمی یەماتۆ (Yamato Period)(١)
٢- سەردەمی هێیان (Heian Period)(٢)
٣- سەردەمە کاماکورا- موراماچی (Kamakura-Muramachi Period)
٤- سەردەمی ئیدۆ (Edo Period)
٥- سەردەمە نوێیەکان (Modern Periods)(٣)

ئەوەی جێی ئاماژەیە هەر چوار سەردەمە کۆنەکە بەپێی ناوی ئەو مەڵبەندە سیاسییەی لەو سەردەمەدا بە درێژایی سەردەمەکە حوکمڕانی ژاپۆنی کردووە.

### یەکەم: سەردەمی یاماتۆ (Yamato Period)

(لە کۆنەوە دەست پێ دەکات تا سەدەی هەشتەمی زایینی)

سەرباری ئەوەی لەپێش سەدەی هەشتەمەوە هیچ ئەدەبێکی نووسراوی ژاپۆن نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە گۆرانی میللی و نزا ئایینییەکان و ئەفسانە و پەند لەو سەردەمەدا هەبوون و دواتر تۆمار کراون، سەرجەم ئەو نووسینانە لە تۆماری سەردەمە کۆنەکاندا دانراون کە پێی دەوترێت (کۆجی-کی) هەموو ئەم بەرهەمانە بە زمانی ژاپۆنی نووسراون و چینییەکان نووسیویانن، دوای ئەم کارە کتێبی (مێژووی کۆنی ژاپۆن) کە بە نیهۆن شۆکی ناسراوە و زۆربەی بە زمانی چینی نووسراوە.

ئەم کتێبە بە دوو گرنگترین کتێبی کۆنی مێژووی ژاپۆن هەژماردەکرێت کە بە وردی- ڕەسەن و سەرهەڵدانی گەلی ژاپۆن و دروستبوونی دەوڵەتی ژاپۆنی و بنەما سەرەکییەکانی سیستمی حوکمڕانی خۆجێیەتی ئەو سەردەمەی – تێدا باس کراوە.(٣)

لەگەڵ ئەوەی هەردوو کتێبەکە هەمان بابەتی مێژوو و ئەفسانەی لە خۆگرتووە ئەوە کتێبی "کۆجی-کی Koji-Ki" بە ڕوونی ئاراستەی خودی ژاپۆنییەکان کراون، لە کاتێکدا لە کتێبی "نیهۆن شۆکی – Nihon Sho-ki"(٤)دا کاریگەریی هزری چینی دەردەخات، ئەوەش بەهۆی بەرینیی ئاسۆ و پانتاییەکەیەوە، شایەنی باسە پەرەی شیعری گۆرانی درێژەپێدەری ئەو گۆرانییە میللییە کۆنانەن کە لە دووتوێی ئەو دوو کتێبەدا کۆکراونەتەوە و لەسەرەتادا وەک یەکەم کۆمەڵە هەڵبژاردەی شیعری ژاپۆنی خراونەتە ڕوو (مانیۆ شۆ- Manyo-Sho)(٥) کە شاعیری بەناوبانگ (ئۆتۆمۆ Otomo) لەم کۆمەڵە شیعرییەدا کۆی کردوونەتەوە و ئەلف و بێی برگەی دەنگی سەرەتایی (مانیۆ گانا Manyo Gana) بەکارهێنراوە. تێیدا پیتە چینییەکان وەک هێمای دەنگی لە برگەکاندا زیاترن تا وشەکان.

ناسراوترین دوو فۆرمی شیعری ئەمانەی لای خوارەوەن:

**جۆری یەکەم: چونکا**

**جوری دووەم : تانکا(٦)**

شاعیر (کاکینۆمۆتۆ Kakinomoto) کە سەرجەم بابەتە شیعرییەکانی تاقی کردووەتەوە و لە شاعیرانی سەردەمی خۆی سەرکەوتووتر بووە و بە شاعیری پلە یەکەمی مانیۆشۆ دادەنرێت.(٧)

### دووەم: سەردەمی هییان (Heian Period)

(لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەمەوە دەست پێ دەکات

تا سەدەی دوازدەیەم)
لە کۆتاییەکانی سەدەی هەشتەمدا دەسەڵاتی حوکمڕانی کەوتە دەست (هێیان Heian)(٨) و بەپێی گۆڕانی سیاسی لەو سەردەمەدا جۆرێکی نوێی ئەدەب لە نێو کۆمەڵگای ئوروستوکراتی پەیدابوو، هەروەها ئەپەدەیتکردنی ئەلفوبێی ژاپۆنی لەم سەدەیەدا فاکتەرێک بوو بۆ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی پەخشان و ئەدەبی بەهەمان ئەو ڕێگەیەی پەرەی پێ سەند.
هەر بۆیە کۆمەڵە هەڵبژاردەی (کۆکینشۆ Kokin sho) کە هەڵبژاردەیەکە لە هۆنراوەی کۆن و نوێ لە ۹۰٥ی زاییندا دەرکەوتووە.
ئەو گۆڕانکارییە ڕوحییەمان بۆ وێنا دەکات کە لە بەها باڵا ڕەوشتییەکانی وەک ڕاستگۆیی و ئەمەکداری و دڵسۆزییەوە کە لە سەردەمانی پێشوودا باو بوون بەرەو تەقەموسی ڕوح و کرۆکی شتەکان بە چەشنێک سروشت و مرۆڤ بەیەکەوە دەبەستێت
دیارترین ئەو شاعیرانەی لەم سەردەمەدا دەرکەوتوون (تسورایوکی Tsurayuki)یە کە لە ۹٤٥ی زاییندا کۆچی دوایی کردووە و یەکەم کەس بووە پایەکانی شیعری ژاپۆنی داناوە، لە پاڵ ئەوەی کە شاعیر بووە، هاوکات مۆسیقاژەن بووە و هۆنراوەکانی کەوتووتەنە ناو کۆمەڵە هەڵبژاردەکانی ئەم سەردەمەوە، ئەگەرچی لەسەر فۆرمی شیعری زۆر کۆنتر نووسراون.
ئەوەی جێی سەرنجە تسورایوکی نووسەری (یادەوەرییەکانی تۆسا– Tosa Diary)یە کە یەکەم نموونەی ئەدەبیی گرنگە بەم دواییانە لە ئەدەبی ژاپۆنیدا سەری هەڵدا، ئەویش یادەورییە ئەدەبییەکانە، لەم کارەیدا باس لە گەشتی گەڕانەوەی بۆ (کیۆتۆ Kyoto)ی زێدی خۆی بەرەو هەرێمی (تۆسا Tosa) دەکات، لەو گەشتنامەیەیدا لە باسکردنی مردنی کچەکەیدا توانییەتی لێهاتوانە هەستەکان بورووژێنێت.
چیرۆکە خەیاڵییەکان (Fairy Tales) باڵی بەسەر ئەدەبی سەرەتاکانی سەدەی دەیەمی زاییندا کێشابوو، لە نموونەی (چیرۆکی حەیزەران بڕەکان Tale of Bamboo Cutters) لە کاتێکدا زۆربەی بەرهەمەکان لە چیرۆکە شیعر نزیکتربوون وەک لە (ئایس مۆنۆگاتاری Ise Mon-ogatari). لەلایەکی دیکەوە گرنگترین کارە ئەدەبییەکان لە سەردەمی هێیانیدا لە کۆتایی سەدەی دەیەم و سەرەتای سەدەی یازدەیەمدا دەرکەوت، وەک (چیرۆکی گینگی Tale of Gengi)ی (مۆراساکی شیکیبو Mu-rasaki shikibu)، (کتێبی سەرین The pillow Book)ی (سێ شۆناگۆن Sei Shonagon).
چیرۆکی گینگی وێنەیەکی پانۆرامی پڕ وردەکارییە لەسەر ژیان لە کۆشکی هییانیدا، هەروەها بە یەکەم ڕۆمانی گرنگ لە ئەدەبدا دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک شیعری تانکای لەخۆ گرتووە کە خراوەتە سەر زمانی کەسایەتیەکانی ناو ڕۆمانەکە، ژمارەی بەشەکانی ڕۆمانەکە ٥٤ بەشی درێژە کە باس لە ژیان و چیرۆکی خۆشەویستی شازادەی گینگی و (کەوۆرا)ی کوڕی دەکات. ڕۆمانەکە لە بەشەکانی کۆتاییدا قووڵتر دەبێتەوە، دەشێت ئەم تەکنیکە ئاماژەیەک بێت بۆ ئەوەی کە ژاپۆنییەکان بە لێهاتوییەوە ڕۆمانیان نووسیوە؛ بە پێچەوانەی هەموو دنیاوە کە لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە باسەکەی دەکەوتە قووڵایی.
(کتێبی سەرین)یش کۆمەڵە دیمەنێکی جوان و دڵفڕێنن بەهەمان شێوە پەردە لەسەر دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کۆشکی هێیانی دەکات.

**سێیەم: سەردەمی کاماکورا– میروماچی Kam-akura-Muramachi Period)**

(لە کۆتایی سەدەی دوازدەیەمەوە تا سەدەی شازدەیەمی زایینی)
لە گەرمەی داڕووخانی سیستمی پاشایەتی لە ژاپۆن، بە دۆڕاندنی هۆزی (تەیرا Taira) بەرانبەر هۆزی (میناماتۆ Minamato) کە توانی ساڵی ۱۱۹۲ زایینی حکوومەتی کاماکورا دابمەزرێنێت، لەسەدەی (١٢ تا سەدەی ١٧)یەم؛ ژاپۆن وەک وڵاتێکی ئارام و دوور لە شەڕوشۆڕ بووە، گرنگترین پێکهاتەی کۆمەڵگای ژاپۆنی کە باڵادەست بوون لە وڵاتدا ئەو سامورایيانە بوون کە ژیانێکی پڕ لە وروژاندنیان بەسەر دەبرد، یان ئەو پیاوە ئایینییە بودایيانە بوون کە هەموو ژیانیان بۆ تێڕامان و تێفکرینی ڕوحی تەرخان کردبوو.
باشترین کۆمەڵە شیعری لەم سەردەمەدا (شین کۆکین شۆ Shin kokin sho)، یان هەڵبژاردە نوێیەکانی هۆنراوەی کۆن و نوێ کە (فوجیوارا تییکا Fujiwara Teika) لە ساڵی ۱۲۰٥ ز، کۆی کردووەتەوە.

ئەم کۆمەڵە شیعرییە بە شێوەیەکی ڕوون وێنای ئەو گۆڕانکارییانە دەکات کە لە ڕوحی لۆکاڵیدا ڕوویان دا و ئەو لادانەوەی بەرەو گۆشەگیری و تەنیایی پەلکێشی کردووە، بۆ گوزارشتکردن لە ئەدەبی ئەم سەردەمە؛ ژاپۆنییەکان زاراوەی (یوگێن yugen) بەکاردەهێنن، بە واتای نادیاری و قوڵبوونەوە، هەروەها سێبەرێکی ئایینیشی هەیە، یەکێک لە دیارترین شاعیرانی ئەم کۆمەڵەیە؛ قەشە (سایگۆ saigo)یە، بە پلەی یەکەم وەک ڕەمزێکی ئایینی دەردەکەوێت پێش ئەوەی وەک شاعیر و ئەدیب دەربکەوێت، هەر بۆیە ئەو شکستەی بەدەستی هۆزی میناماتۆ بەر هۆزی تەیرا کەوت، بوو بە بابەتی خوازراوی زۆربەی پەخشانە ناوبانگەکانی ئەم سەردەمە، نموونەی (چیرۆکەکانی هۆزی تەیرا Tales of Taira clan) کە نووسەرەکەی نادیارە.

فۆرمە شیعری ڕینگا کە فۆرمێکی شیعرییە، کۆمەڵێک ڕێسا و سیستمی تۆکمەی بۆ دانراوە، دیارترین ڕووداوی کاروانی پەرەی شیعری ژاپۆنییە لەدوای سەرەتای سەدەی چواردەمی زایینییەوە، لە ڕینگادا (٣) شاعیر، یان زیاتر لە نووسینی هۆنراوەیەکی درێژدا بەشدار دەبن، کە لە چەند دێڕێکی یەک لەدوای یەک پێکدێت، هەر دێڕێکی بەسەر (٥) بڕگە، (٧) بڕگە، (٥) بڕگەدا دابەشبووە، بەڵام دوو دێڕی کۆتایی لە ٧ بڕگە پێکهاتووە، دیارترین شاعیرانی ئەم فۆرمە شیعرییە نوێیە (سۆگی Sogi و شۆهاکو Sho-haku و سۆچۆ Socho)ن.

**چوارەم: سەردەمی ئیدۆ: (Edo Period)**

(لە سەدەی حەڤدەیەمەوە تا ساڵی ١٨٦٨ زایینی)

لەگەڵ سەقامگیربوونی ئاسایش و لەژێر دەسەڵاتی هۆزی کاماکورا ساڵی ١٦٠٣ی زایینی کە دەستی بەسەر (ئیدۆ Edo)(١٠)دا گرت، بازرگانی گەشەی کرد و شارەکانیش گەشەیەکی بەرچاویان بەخۆوە بینی، لە ئەنجامدا چینێک لە بازرگانانی خاوەن سەرمایە دروست بوون، هەر ئەم چینە کۆمەڵایەتییە نوێیە دەستوبرد کۆمەڵەیەکی بۆ خۆی هێنایە کایەوە کە زۆربەی بابەتەکانی پۆرنۆگرافی بوون، جەختی لە بابەتی چێژی سێکسی دەکردەوە کە بەتەواوەتی جیاوازبوو لەو ئەدەبەی پێش خۆی هەبوو، گرنگترین نووسەری ئەم سەردەمەش (ئیهارا سایکاکو Ihara Saikaku) بوو خاوەنی ڕۆمانی (ژیانی ئاشقێک Life of Amorous) کە بە کارێکی پڕ لە جووڵە و تەنز هەژمار دەکرێت و بە دیدێکی پانۆرامی دەڕوانێتە ژیانی نوێی پڕ لە ئارەزوو و چێژی جەستەیی کۆمەڵگەی بازرگانی، زۆر لە نووسەرانی سەدەی هەژدەیەم هەوڵیان دا لاسایی سایکاکو بکەنەوە؛ کەچی نەیانتوانی بگەنە ئاستی ئەو.

بەهەمان شێوە لەم ماوەیەدا فۆرمێکی شیعریی نوێ هاتە ناوەوە و ناوبانگێکی گەورەی لە هەموو شوێنێک و قوژبنێک هەبوو، ئەویش شیعری هایکۆیە.(١١)

**پێنجەم: سەردەمە نوێیەکان (Modern Periods)**

(لەساڵی ١٨٦٨ تا ئەمڕۆ)

ئەدیبە ژاپۆنییەکان کەوتنە ژێر کاریگەری ئەدەبی گەلانی دیکەوە، بە تایبەت ئەدەبە ڕۆژئاواییەکان، لەهەمان کاتدا زۆر لە چەمک و تەکنیکە ئەدەبییەکانی شیعر و چیرۆکیان کەم کردەوە؛ بۆ ئەوەی شان بە شانی کاروانی ئەدەبی جیهانی بڕۆن.

**١- ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەمی زایینی**

نووسەری تەنزگەر (کاناگاکی ڕۆبونیس Kanagaki Robunis) هەوڵی داوە خۆی لەسەر ڕوحیانەتی سەردەمی نوێ ڕابێنێت؛ کەچی سەرکەوتوو نەبوو، هەر بۆیە بۆ نووسینە تەنزئامێزەکانی سەردەمی ئیدۆ گەڕایەوە، هەروەها وەرگێڕانەکان لە ئەدەبی ڕۆژئاواییەوە، بە تایبەت بەرهەمی نووسەرە ئینگلیزەکان کاری لە ئەدەبی ژاپۆنی کرد بە زۆریش کاری لە ڕۆمانی سیاسی کرد، کە دواتر بوو بە ژانرێکی ئەدەبی گرنگ بە چەشنێک لە هەشتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا بە شێوەیەکی بەرچاو بڵاو بووەوە، ئەوەش بەهۆی بەها هونەرییە بەرزەکەیەوە، لەوانە:

**یەکەم:** (هەلی دیداری دوو شۆخ Chance Meeting With Two Beauties)ی (تۆکای سانشی Tokai San-shi) کارەکە باس لە کاروان و شکستی گەنجێکی سیاسەتمەداری ژاپۆنی دەکات.

**دووەم:** کاری ڕەخنەیی (ناوەڕۆکی ڕۆمان The Es-sence of the Novel) ساڵی ١٨٨٥ ز، هی نووسەر (شۆیۆ Shoyo) کە تێیدا داخوازییەکی ڕاستگۆیانە کراوە بۆ گەیشتن بە پەخشانێکی هونەریی بنیادنراو

لەســەر زەمــینەیەکی ڕیســالیــســتی بە ئاســتی نموونە ڕۆژئاواییەکان.

**ســێــیــەم:** (هەوری لادەر The Drifting Cloud)ی (فــوتاباتی شــیــمی shimei Futabatei) کــە بە هەنگاوێکی دیکە لە هانگاوەکـانی مـۆدێرنە هەژمـار دەکرێت، چونکە یەکەم ڕۆمانە بە زمانی لۆکاڵی خەڵک نووسراوە.

لەدوای ساڵی ١٨٩٠ز، ڕۆماننووس و شاعیر (ئۆزاکی کـۆیۆ Ozaki Koyo) کـۆمـەڵەیەکی ئەدەبی خـوێندکاری دامەزراند، کە دواتر بوو بە یەکێک لە پایە گرنگەکانی ئەدەب لە مێژووی ئەدەبی ژاپۆنیدا، گرنگترین ئامانجی ئەفراندنی ئەدەبێکی نوێی پڕ بەهای ئستێتیکی کلاسی بێت، لەگەڵ سـوود وەرگرتن لە تەکنیکە ڕۆژئاواییەکان، لە دیارترین ئەو ئەدیبانەی بەم ئاراستەیە کاریگەر بوون ژنە نووسـەری لاو (هیگوچی ئیـچیـۆ Higuchi Ichyo) کـە سـایکۆلۆجـیـای منداڵ و ئەویندار هەرزەکـارانی کردووەتە بابەتی کورتە چیرۆکەکانی.

**٢- ئەدەبی سەدەی بیستەم:**

بزووتنەوەی سـروشـتـگەر (Naturalism) لە ڕۆمـاندا ئەو نووسەرە ژاپۆنییە لاوانەی بۆ خۆی ڕاکێشا کە دواتر پەرەیان بە بزووتنەوەکـە دا و هەر بە زوویی کـردیان بە بزووتنەوەیەکی سـروشـتگەری تایبـەت بە خـۆیان، بە چەشنێک بابەتی کـۆمـەڵایەتی کـەمـتر لەخۆ بگرێت، لە بەرانبەردا دەستی بۆ بابەتگەلێکی دوورتر و قـووڵتر برد، دیارترین نووسـەری ئەم شـێوازە (شـیـمـازاکی تۆسـۆن Shimazaki Toson)، هەروەها هەندێک لە ڕۆمـانەکـان بەرامەیەکی ڕۆمانتیکی تیکەڵ کرا، چونکە هەندێکیـان گـوزارشـتـیـان لەو ئەزمـوونانە دەکـرد کـە نووسـەران لە ئەڵمانیا بینیویانە لە کاتێکدا بەشەکەی تری باسیان لە ڕووداوەکـانی ژاپۆن دەکـرد. لە دیارترین ئەدیبـانی ئەم سەردەمە:

**یەکـەم:** (نـاتسـوم سـۆسـێکی Natsume Sosiki) ڕۆماننووسیکی فەلسەفییە.

**دووەم:** (ئەکـوتاگـاوا Akutagawa) نووسـەری کـورتە چیرۆکە لە ڕێگەی وەرگێڕانی ئینگلیزییەوە ناوبانگێکی گەورەی لە جـیـهـاندا بەدەست هێنا، دیارترین بـەرهەمی (ڕاشــۆمــۆن Rashomon)ـە، ســاڵی ١٩١٥ چاپی کردووە.

**سێیەم:** (یاسوناری کەواباتا Yasunari Kawabata).

**چوارەم:** (تانیـزاکی جونیـشیـرۆ Tanzaki Junchiro) کـە خـەڵاتی نۆبلی ئەدەبەکـانی سـاڵی ١٩٦٨ز بەدەست هێناوە.

**پێنجـــەم:** (مـیــشی مـایوکی Mishima Yuki) ڕۆماننووس و نووسەری کورتە چیرۆک و شانۆنامەیە.

هەروەها بزووتنەوەی فێمینیزمیش بۆ خـۆی دەنگێکی ئەدەبی لە ژاپۆندا فـەراهەم کـرد، لە ڕێگەی چەند ژن و نووسەرێکەوە، دیارترینیان (ساواکـۆ ئەریۆشی Sawako Ariyoshi) دیارترین کاری (ژنی پزیشکەکە The Doctor Wife) و (ســاڵانی ســپـــێـــدە The Twilight Years)یە، بەکـورتی نووسـینە ژاپۆنییـەکـان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە هەواداریکی زۆریان بۆ خۆیان پەیدا کردووە ؛ ئەوەش بەهۆی نزیکی لە ئاراسـتـەی ڕۆژئاوایی و ئەمریکی هاوچەرخەوە.(١٢)

**سەرچاوە و پەراوێز:**

**١- لە هەندێک سەرچاوەدا لەجیاتی (یاماتۆ) (نارا Nara) دەکەن بە یەکەم سەردەم لە مێژووی ئەدەبی ژاپۆنیدا.**

**٢- گۆڤاری الفیصل، ژمارە ٤٧٧-٤٧٨: ٨-٩.**

**٣- بڕوانە: ویکیپیدیا.**

**٤- نیهۆن شوکی: واتە تۆماری ئەفسانە ژاپۆنییە کۆنەکان و گۆرانییە میللییەکان.**

**٥- مانیۆ شو: واتە: تۆماری کۆمەڵەی شیعری.**

**٦- بڕوانە: مـقـدمـة في الشـعـر اليـاباني، عـلاءالدين رمضان: ١٠.**

**٧- بڕوانە: Birnbqum, A,(ed). Monkey Brain Sushi:New Tales in (Japan Fiction Kodansha International) JPN: 67**

**٨- هێیان: یەکێک بووە لە هەرێمەکانی وڵاتی ژاپۆن، ئێستا پێی دەوترێت (کیۆتۆ Kyoto).**

**٩- بڕوانە: تاريخ الهايكو:١٣.**

**١٠- ئیدۆ: تۆکیۆی ئێستا کە پایتەختی ژاپۆنە، لە کۆندا پێی وتراوە ئیدۆ.**

**١١- بڕوانە: World Within Walls: Japanese Literature of The Pre-Modern Era 1600-1867,Colombia University Prees1976:23**

**١٢- بڕوانە: هەمان سەرچاوە: ٢٩.**